وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە :   ٣٢٧٤
ڕێکەوت :  ٢١ / ٨ /  ٢٠٢٣

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.٤٥- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی

## ( گەیاندنی هێڵی کارەبا نێوان گوندی سماق و گوندی کانی ماران ) بۆ جاری سێیەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســــەرجەم بەڵێنــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنــــدەر ی پـــــرۆژەی نــــاوبراوی ســـــەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( ب.دابەشکردنی کارەبای کفری ) , لەسەر بودجەی ئاسایی دابەشکردنی کارەبای کفری جێبەجێ دەکرێـت, هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (٧٥) حەفتا وپێنج ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە گشتی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێـت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

• وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی (پێـــنج شـــەممە ٢٤/ ٨ /٢٠٢٣ )ەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا ڕۆژی (پێـــنج شـــەممە ٧ / ٩ / ٢٠٢٣) کـاتژمێر ( ٩ )ی   سـەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( ١٠٠,٠٠٠)  سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی  بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (دوو شەممە ١٠ / ٩ / ٢٠٢٣ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ  کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك  لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی کارەبـای گەرمیان بکەن .

• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیـان ( ٢ تـا ٩) بێـت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢-بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضـامن ) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە  پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی  تەندەر پـڕ کـرابێتەوە لەلایەن پێشـکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣-  ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤-  پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥-  پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٣) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**